# سودانی پێشوازی لە سەرۆک کۆماری سەماوی فیدراڵ دەکات



ئەمڕۆ هەینی ،سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پێشوازی کرد لە سەرۆک کۆماری سەماوی فیدراڵ حەسەن شێخ محەمەد.

هەووسینگەی هاگەیاندنی سەرۆك وەزیران لە بەیاننامەیەکدا باویکردەوە:"سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پێشوازی کرد لە سەرۆک کۆماری سەماوی فیدراڵ حەسەن شێخ محەمەد، کە بەمبەستی بەشداریکردن لە کارەکانی 34"ـەمین لووتکەی عەرەبی گەیشتە بەغداد، و سبەی شەممە بەغدادی پایتەخت میوانداری دەکات".

بەگوێرەی بەیاننامەکە ، سودانی جێختی "لەسەر ئامادەکردنی هەموو مەرجەکانی سەرکەوتنی لووتکەی عەرەبی کردەوە، بۆ دەرکردنی بڕیارەکان، بەشێوەیەک لەگەڵ قەبارەی تەحەدا و پێشهاتە عەرەبی و ناوچەییەکاندا بگونجێت".

هەڵوێستی سەرۆکی سەماوی "هیوای خۆی بۆ سەرکەوتنی لوتکەی بەغداد دەربڕی" و جێختی لەسەر "گرنگی پێوەندییە مێژووییەکانی نێوان هەردوو وڵات و ئامادەیی بۆ پەرەپێدانی هاوکاری ئابووری دوولایەنە کردەوە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو سەرچاوە و سامانە سروشتیانەی کە وڵاتەکەی هەیەتی بەشێوەیەک سوودی بە هەردوو وڵات هەبێت".